**ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ  عێراق - پرۆگرامی وەرگرتنی مرۆیی ئەڵمانی کەسانی زیانلێکەوتوو لە عێراقەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەڵمانیا**

ئەم حەفتەیە پرۆگرامی وەرگرتنی مرۆیی ئەڵمانی لە شتوتگارت لە ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتندا دەستکەوتەکانی پرۆگرامەکەی خستە ڕوو کە بریتی بوو لە گواستنەوەی زیاتر لە ١٠٠٠ ژن و منداڵی زیانپێگەیشتوو، کە لە ململانێی بەردەوامەکانی عێرقدا بووبوونە ئامانج، لە عێراقەوە بۆ هەرێمی بادن ڤوتمبێرگ لە ئەلمانیا.

زۆر لەو کەسە زیانلێکەوتووانە لە ژێر چنگی داعشدا بوون و پێویستییان بەخزمەتگوزاریی پاڵپشتیی دەروونی و تەندروستیی تایبەتمەند هەیە. زۆربەیان تا ئەم دواییە لە کەمپەکان  لە باکوری عێراق ژیانیان بەسەر دەبرد. کە گەیشتنە ئەڵمانیا، سوودوەرگرانی ئەم بەرنامەیە دەستیان دەگات بە چاودێریی تەندروستی و دەروونی بەخۆڕایی، شوێنی حەوانەوە، هەروەها کۆرسی زمان و خوێندن.

بەرنامەی وەرگرتنی مرۆیی هەوڵێکی هاوبەشە لەنێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ لە عێراق و وەزارەتی دەرەوە لە هەرێمی بادن ڤوتمبێرگ. لەوەتەی مانگی ئادار کە بەرنامەکە دەستی پێ کرد، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ١٤ گەشتیی ئاسمانیی ڕێك خستووە: لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەم کۆی گشتیی سوودوەرگرەکانی ئەم بەرمانەیە دەگاتە ١،٠٤٥ کەس کە ٦٦٤ منداڵ و ٣٨١ گەورە لە خۆ دەگرێت (بەپێی ڕەگەزیش لە کۆی گشتی ٧٠٩ لە ڕەگەزی مێ و ٣٣٦ لە ڕەگەزی نێرن). دوایین گواستنەوە لە ڕێگەی بەرنامەی وەرگرتنی مرۆیی ئەڵمانی بڕیارە لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا بێت و ١٥٦ سوودوەرگر لە خۆ بگرێت.

وەکو بەشێك لە بەرنامەی وەرگرتنی مرۆیی و بۆ ئەوەی کۆچێکی سەلامەت و ڕێکخراو مسۆگەر بکات، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ ئەمانە پێشکێس بە سوودوەرگرەکان دەکات: گواستنەوە، پشکنینی تەندروستی، کارتی جلوبەرگ، پشکنینی بەرایی تەندروستی و پالپشتیی لۆجیستی. هەموو قۆناغەکانی گواستنەوە لەلایەن ستافی تەندروستی و کارگێڕی و دەروونیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچەوە ڕێك دەخرێت بۆ ئەوەی پێویستییەکانی سوودوەرگرەکە لەبەرچاو بگیرێت.

بۆ مسۆگەکردنی سەلامەتی و ئەمنیەتی سوودوەرگرەکان، چاودێریی پسپۆر و ئامادەکاریی گەشتی ئاسمانی بۆحالەتە تەندروستییەکان دابین دەکرێت. خولی ئاشناکردنی کولتووری  پێشکەش دەکرێت، لەوانە ناساندنێکی زمانی ئەڵمانی و مێژوو و یاسا خۆجێییەکان و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە بەردەستەکان.

ژن و منداڵەکان سوپاسگوزاریی خۆیان دەربڕی بۆ ئەو دەرفەتە کە بتوانن بچن بۆ ئەڵمانیا، هەر چەندە زۆرێك ترسی خۆیان لە داهاتوویان دەربڕی. بەڵام هەستی باو لەنێو هەموویاندا ئەوەبوو کە چاوەڕێ دەکەنلە  ژینگەیەکی سەلامەت و پارێزراودا بژین، لەگەڵ هیوای ئەوەی ژیانیان لە ڕێگەی ئەو دەرفەتانەی لە ئەڵمانیادا هەن باشتر ببێت.

یەکێك لە سوودوەرگرەکان گوتی: ``کاتێك من یەکەم هەنگاوم هەڵێنا لە فڕۆکەکە دابەزیم لە ئەڵمانیا، هەناسەیەکی قووڵی حەوانەوەم دایەوە. بۆ من یەکەم جار بوو لە ماوەیەکی زۆر درێژ کە من هەست بە سەلامەتی بکەم، وەکو ئەوەی دووبارە توانیم هەناسە بدەمەوە. ئێرە زۆر ئارامە و خەڵك لەگەڵمان زۆر باش بوون. من ئێستە فێری ئەڵمانی دەبم. هەر کە چاك بوومەوە هیوادارم بتوانم کارێك بدۆزمەوە کە لەوێوە بتوانم یارمەتی خەڵك بدەم.``

لە ڕێوڕەسمی کۆتاییهێنانی پرۆگرامەکەدا بەشدارانی بەرنامەکە ڕێزیان لێ گیرا بۆ ئەو ئازایەتییەی نواندوویانە، هەروەها هەرێمی بادن ڤوتمبێرگ و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ ڕێزیان لێ گیرا بۆ ئەو ڕۆڵەی گێڕاویانە لە ڕێکخستنی ئەم پرۆگرامە. لە گوتەیەکدا لە ڕێوڕەسمەکدا، بەرپرسی نێردەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق دکتۆر تۆماس لۆسار ڤەیس گوتی: ``ئەو هەماهەنگییە نموونەییەی نێوان ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ و وەزارەتی دەرەوەی هەرێمی بادن ڤوتمبێرگ لەڕێگەی پرۆگرامی وەرگرتنی مرۆییەوە بووەتە هۆی گواستنەوەی زیاتر لە ١٠٠٠ ڕزگاربووی خراپترین توندوتیژی  کە لە ململانێی عێراقدا ئەنجام

دراوە. ئەم پرۆگرامە کە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی زیانلێکەوتووترینەکانە نموونەیەکە لە کۆمەکیی ئامانجدار کە لەڕێیەوە خزمەتگوزاریی پسپۆر پێشکەش بەو ژن و مندالانە دەکرێ کە زۆر پێویستییان پێیە. وەزارەتی دەرەوەی هەرێمی بادن ڤوتمبێرگ و پرۆگرامی وەرگرتنی مرۆیی و خۆبەخشەکان شایانی بەرزترین پێزانینی ئێمەن بۆ ئەو پابەندبوونە ئیلهامبەخشەیان بەم بەرنامە ژیانپارێزەوە``

وەزیر-سەرۆکی هەرێمی بادن ڤوتمبێرگ ڤینفرید کرێشمان گوتی: ``ئەم پرۆژەیە بەبێ پاڵپشتیی رێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ بە سەرکەوتووی جێبەجێ نەدەکرا. ئەوان بەتواناترین و کرداریترین رێکخراون کە لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەدا کاریان کردبێت.``

ململانێیکان لە عێراق بووەتە هۆی ئاوارەبوونی ٣.٣ ملیۆن عێراقی لەوەتەی کانوونی دووەمی ٢٠١٤. بۆ ئەوەی یارمەتیی زیانلێکەوتووترینی ئەم دۆخە بدات، رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق لەگەل تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵات و هاوبەشە مرۆییەکانی کار دەکات بۆ دابینکردنی چەندان جۆر لە خزمەتگوزاریی وەڵامدانەوەی دۆخی لە ناکاو وەکو: بەشە کەلوپەلی ناخۆراکی، دالدە، کۆمەکی بژێوی، چادێری تەندروستی بنەڕەتی و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی ئاوارەکان کەرامەت لە ژیانی خۆیاندا بەدەست بێننەوە.

**بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لە عێراق:**

ساندرا بلاك ٠٧٥٠٢٣٤٢٥٥٠ یان بە ئیمەیل sblack@iom.int

یان بە ریناتۆ لیبەنۆرا ٠٧٥٠٠٢١١٧٢٥ یان بە ئیمەیل rlibanora@iom.int